# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی شەشەم: لەبارەی حەواڵەوە

الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب السادس: في الحوالة

< kurdish - كردي - کوردی >

## دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لەبارەی حەواڵەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئازیزان و خۆشەویستان بەیارمەتی خوای گەورە لە ووتاری ئەمجارەماندا باسی یەکێکی ترە لە مامەڵە داراییەکانتان بۆ دەکەین، ئەویش باسی حەواڵەیە، ( گواستنەوەی قەرز لە ئەستۆی کەسێکەوە بۆ ئەستۆی کەسێکی تر)، ئەمەش دوو بابەت لەخۆ دەگرێت، بابەتی یەکەم : مانا ومەبەست لە حەواڵەوە، و بەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : مەرجەکانی ڕاستی ودروستی حەواڵە.

### بابەتی یەکەم : مانا ومەبەست لە حەواڵەوە، بەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی .

مەبەست لە حەواڵە : گواستنەوەی قەرزە لە ئەستۆی ئەو کەسەی کە قەرزەکە دەگوازێتەوە بۆ ئەستۆی ئەو کەسەی کە قەرزەکەی بۆ سەر دەگوێزرێتەوە .

بێگومان حەواڵە کردن بەو مانایەی کە باسمانکردن، لە شەریعەتی ئیسلامدا کارێکی مەشروع و ڕێگا پێدراوە، چونکە نەرمی نواندنی تێدا بەدی دەکرێت بەرامبەر کەسی قەرزار، وە بەهۆیەوە بەرژەوەندیەکانیش لەنێوان تاکەکانی ئوممەتدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، و لێبوردەی وئاسانکاری مامەڵەکانیشی تێدا بەدی دەکرێت .

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : { إذا أتبع أحدكم على ملىء فلتبع } (1) .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2287) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1564) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی موسلیمە .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ئەگەر هەر کەسێك لە ئێوە قەرزێکی گوازرایەوە بۆ سەر کەسێکی دەوڵمەند وپارەدار ئەوا با شوێنی بکەوێت و ئەو گواستنەوەیە قبوڵ بکات .

مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوەیە : ئەگەر هاتوو کەسێك قەرزی لای کەسێکی تر بوو، ئەو کەسە قەرزارەیش قەرزەکەی گواستەوە بۆ سەر ئەستۆی کەسێکی دەوڵمەند و پارەدار و بەدەسەڵات ئەوا با بەو حەواڵە و گواستنەوەیە ڕازی بێت وقبوڵی بکات، جا ئەگەر کەسێکی قەرزار خاوەن قەرزەکەی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی حەواڵە کرد بۆ لای کەسێکی موفلیس و بێ پارە، ئەوا خاوەن قەرز دوای ئەوەی زانی ئەو کەسە موفلیس وبێ پارەیە بۆ وەرگرتنەوەی هەق ومافەکەی دەگرێتەوە بۆ لای قەرزارەکەی یەکەمجاری، چونکە موفلیس بوون کەموکورتیە، و ئەویش ڕازی نابێت بەو حەواڵەیە، لەبەر ئەوە مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە بۆ لای و پێ بڵێت من بەو حەواڵە و گواستنەوەیە ڕازی نابم و مافی خۆم لە تۆ دەوێت .

**بابەتی دووەم : مەرجەکانی ڕاستی ودروستی حەواڵە.**

بۆ ڕاستی و دروستی وحەواڵە و گواستنەوەی قەرز، چەند مەرجێك پێویستن، لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەدەین، ئەوانیش برتین لە : -

1-دەبێت ئەو کەسەی کە خاوەن قەرزە و قەرزەکەی دەگوازرێتەوە بۆ لای کەسێکی تر بەو کارە ڕازی بێت، چونکە ئەو سەرپشکە لە دەست نیشانکردنی ئەو لایەنەی کە قەرزەکەی لێ وەردەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ناکرێت بە زۆرە ملێ بەو گواستنەوە و حەواڵە کردنە ڕازی بکرێت .

2-دەبێت ئەندازەی هەردوو بڕە ماڵەکە یان پارەکە وەك یەك بن لە چەندێتی و جۆر و صیفەتدا .

3-دەبێت ئەو بڕە قەرزەی کە خاوەن قەرزی بۆ حەواڵە دەکرێت، لە ئەستۆی ئەو کەسەدا کە قەرزەکەی بۆ سەر حەواڵە دەکرێت جێگیر و ثابت بوو بێت .

جا کاتێك کە ئەو حەواڵە و گواستنەوەیە بە ڕاستی ودروستی بەو شێوەیەی کە ئاماژەمان پێدا، ئەوا قەرزەکە لە ئەستۆی قەرزاری یەکەم دەگوازرێتەوە بۆ ئەستۆی ئەو کەسەی کە قەرزەکەی بۆ سەر حەواڵە کراوە .

**شێوە سەردەمیانەی گواستنەوەی قەرز ( حەواڵە ) :**

-گواستنەوەی بانکی : ئەوەش هۆکاری دانەوەی بڕە پارەیەکی نەختیە، لە بەرامبەر دانەوەی هاوتاکەیدا لە لایەکی ترەوە، شێوەکەی : کەسێك هەڵبسێت بەدانی بڕێك پارەی نەخت وکاش بەیەکێك لە بانکەکان، وە داوای لێ بکات ئەو نرخی ئەو بڕە پارەیە لە وولاتێکی تر یان لەجێگایەکی تر بدات بەکەسێکی تر، لە بەرامبەر ئەو کارەدا، بانك بڕێك پارە لەو کەسە دەسێنێت کە داوای حەواڵەکەی کردووە .

-سەفتەجە : ئەمەش وەك حەواڵە ئەژمار دەکرێت، ئەمەش بریتیە لەوەی کەسی قەرزار نامەیەك یان پارچە نوسراوێك دەنوسێت بۆ خاوەن قەرزەکە، یان بریکارەکەی، کە بڕوات لە شارێکی تر لە جێگرەکەی قەرزەکەی وەربگرێتەوە .

یان بەو شێوەیە: کەسێك قەرز بدات بەکەسێکی تر لە شارێك، بۆ ئەوەی قەرزارەکە یان بریکارەکەی لە شارێکی تر قەرزەکەی بداتەوە بە خاوەن قەرزەکە یان یان بیداتەوە بە بیرکارەکەی .

ئەو پەڕە نوسراوەی کە قەرزارەکە دەینوسێت پێی دەڵێن (سەفتەجە )، کە لە بنەڕەتدا ووشەیەکی فارسیە و کراوە بەعەرەبی، هەرچەند هەندێك لە زانایان ڕێگریان کردووە لە دروستی، بەڵام کۆمەڵێکی تر لە زانایان بەلایانەوە دروست وجائزە، چونکە بەرژەوەندی هەردوو لایانی تێدایە، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك لە هیچ لایەکیشیان بکەوێت، وە هیچ ڕێگریەکی شەرعیشی تێدا بەدی ناکرێت .

لە ڕاستیدا حەواڵە وگواستنەوەی قەرز جاری واهەیە کەسی قەرزار لەو کاتەدا قەرزەکەی لەدەستدا نیە بیداتەوە، یان قەرزی لای کەسێکی ترە ودەستی نایگاتێ لێی وەربگرێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە بەڕەزامەندی خاوەن قەرزەکە، قەرزەکەی لە ئەستۆی خۆیەوە بۆ بگوازێتەوە بۆ ئەستۆی کەسێکی تر، جا مەرج نیە ئەو کەسەی کە قەرزەکەی بۆ سەر دەگوازرێتەوە قەرزاری قەرزارەکە یەکەمجار بێت، چونکە بە تەنها ئەو کەسەی کە قەرزەکەی بۆ سەر دەگوازرێتەوە ڕازی بێت لەبری ئەویش وەك سووك کردنی باری سەرشانی قەرزەکەی بۆ بداتەوە هەر حەواڵەکە ڕاست ودروستە.

خوای گەورەش زاناترە .

[لە کۆتاییدا لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین قەرزی قەرزارەکانمان بداتەوە، وپاداشتی خێری ئەو کەسانەش بداتەوە کە باری سەرشانی برایەکەی موسڵمانی خۆی سووك دەکات .

بەم شێوەیەش کۆتایی ووتاری ئەمجارەمان هات، تا بەیەك گەیشتنەوەیەکی تر، و بابەتێکی تری نوێ، بەخوای گەورە ومیهرەبان ودانا وزاناتان دەسپێرم و خواتان لەگەڵ]. وەرگێڕ.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم